منەمنێکی هاملێت

ئاخ..

چ دونیایەکی نارێکە و شێواو.. کە تێیکەوتووم..

گەرەکە من بە تەنیا سیحرێك بنوێنمو..

رێکیخەمەوە..!

نەفرەت لەو چرکەیەی لە تۆ جیابوومەوە.. دایکە

هەزار خۆزیا.. لە دامێنتەوە نەدەڕشایتەوە

خودا بتگرێو.. ئۆباڵی منت بە ئەستۆ

لە دوای ئەو رشانەوە پڕ لە خوێنو زووخاوەی تۆ

هەزاران جاریتر ئەم دنیا سەرخۆشە هێڵنجی داو..

بەسەر هەموو عومرمدا خوێن رشایەوە..!

گلەییبێ..

لەو هەناوە گەرمەی خۆتەوە..

بۆ دنیایەکی ناواهی سارد.. تۆ فڕێتدام..

دەنێو تاریکی ئەبەدی رەحمی پڕ میهری تۆدا..

وەك دەڵەمەیەکی پاك چ خۆشبەختانە مەلەم دەکرد..

گوناهتکرد.. گوناهێکی گەلێ گەورە..

بۆ هەڵتدام بۆ نێو رووناکییەکی وا کوشندە..؟

رۆناهییەیك کە بە شەوارەی خستم..

هەردوو چاوانی کوێرکردم..!

کێ پێی وتیت: من حەزم لە سەفەرێکی وا سەختە..؟

دونیایەك وا ستەمکار..

سپڵە و ساردتر لە دڵی پیرە سۆزانییەك..

تۆش دایکە.. هەتا تۆش..

سپڵە دەرچوویت.. سپڵەتر لەم زەمانە..

سپڵەتر لە –ساتوون-ی خوداوەند ئەو وەختەی..

شێتانە قەپ لە بێچووی خۆی دەگرێو..

دەیخوات..!

دڵڕەقتر لە پایز.. ئەو وەختەی بە نێو دارستاندا..

پیاسەیەك دەکات..

هێشتا کفنی باوکە زەردهەڵنەگەڕابوو..

کە تۆ دەستت لەگەڵا مامەکانم تێکەڵکردو..

خزایتە نێو پێخەفیان..

ئۆفیلیا-ی جوان..

ماڵئاوا لە تۆش .. ماڵئاوا..

لە کوێ پاکیزەیی خۆت وەك کاژی مار فڕێدا..

ئەی یاری رۆژانی دڵساردی و شەوانی دڵگوشران..!

تۆ هەنووکە بووی بە یاری بەردەستی..

پیاوە لەپ رەشەکانی میرو پادشاو بەگزادەکان

ئەو وەختەی سەدەها چاڵا لێدەدەن..

بۆ لەگۆڕنانی ئەوینمان

ئۆف دایەگیان..

نەفرینە هەتاو.. من گەرەکمە بگەڕێمەوە..

نێو تاریکستانی منداڵدان..!

لەوێ.. چەندە ئارامبووم

مت و کپ و خاموٚش

مەگەر خورپەی دڵت، جاروبار، دەنێو گەرمەی خەو..

رایدەچڵەکاندم.

کە خوێنی پڕ لە تەوژمی ترساوت دەرژایە..

نێو دڵە چکوٚلەکەمەوەو.. دەیتاساندم

لە تاو شەڕی پیاوە نینوٚك درێژو کەڵبە تیژەکان..

ئەو وەختەی لەسەر شوٚخیت شێتانە دەجەنگان

منی دەڵەمە.. چەندە بێئاگابووم لە جەنگی خوێناوی‌و..

هەرای نەبڕاوەی دڕندەو دڕەندەکان..

نەفرەت لە خوٚر ئەو وەختەی بەرپێی جەنگاوەران..

رۆشن دەکاتەوە

نەفرەت لە ئاو.. ئەو وەختەی قوڕگی وشك هەڵهاتوویان..

تەڕ دەکاتەوە

نەفرەت لە ئاگر.. لەو شەوە ساردەی بکوژان..

خوٚ لەبەریدا گەرمدەکەنەوە

نەفرەت لە داروبەرد.. لە هەموو شتێك..

کە ئەوندە ئاسان دێ بە چنگیانەوە

نەفرەت لەو خاکەش کە شەق ناباو.. هەڵیان نالووشێ

هوٚ دایکەگیان.. وەرەوە بە دارەدارە بمبەرەوە..

منی منداڵا چیدی دەرەقەت نایەم

لەو شەوەوە کە خێوی باوکە هاتو.. لە خەوی کردم

سوێندی دام کە تا ماوم: شەرەفە بجەنگم..

تۆڵەی خوێنی بەناهەق رژاوی بسێنمەوە

تۆش دەنێو پێخەفی مامەکانم بەزۆر دەرهێنم

وەلێ سەد حەیف و مەخابن کە منی ناکردە..

نایتوانم..!

هۆ دایەگیان.. دەکەرەمکەو.. بانگمکەرەوە

ئەو رێیە زۆر دوورە، هەر لە ئێستاوە بۆ رابردوو، من..

چۆن بتوانم بێمەوە..؟

تا دەگەمەوە ساتەوەختی یەکەم زریکەو..,قووتی دەمەوە

وەرەو دەستم بگرە.. من هەتاوەکە کوێریکردم

منی ساوا دەنێو مەیدانی شەڕکەراندا قەت گەورە نەبووموو..

قەت گەورە نابم..

دەنێو دیوەخانی گەرمی ئەو هەموو پیاوە عاقڵانەدا

لەوە دەچێ من بە نەفامی خۆمەوە بمرم

گەر بە زۆریشبێ هەر دێمەوە

بە فرمێسکی زۆری چاوانم.. لە دوای هەزار جار دڵشکان..

نێو منداڵدانی وشکەوەبووت تەڕدەکەمەوە..

دەنێو ئەو وێڵاشەدا جارێکیتر دەبمەوە دەڵەمەو..

بە پاکی خۆم شاددەبمەوە.. دەژێمەوە..!